# نکۆڵی مەکەن لە باوباپیرانتان، هەرکەسێک نکۆڵی لە باوکی بکات؛ ئەوا کوفری کردووە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نکۆڵی مەکەن* لە باوباپیرانتان، هەرکەسێک نکۆڵی لە باوکی بکات؛ ئەوا کوفری کردووە». *(نکۆڵی مەکەن: مەبەست ئەوە نکۆڵی مەکەن لەوەی ئێوە وناوتان بدرێنە پاڵ ناوی باوک و باوباپیرانی ڕاستەقینەتان)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەرکەسێک نکۆڵی* بکات لەوەی ڕەچەڵەکی بدرێتە پاڵ باوکی ڕاستەقینەی وبە زانین وبژاردەی خۆیەوە ئەمە ئەنجامبدات؛ ئەوا کوفری بچووکی کردووە، ومەبەست هەقیقەتی کوفر نییە لێرەدا؛ واتا ئەو کوفرە نییە کە هەرکەسێک بیکات بە هەتاهەتایی لە دۆزەخ دەمێنێتەوە، بەڵکو کوفری بچووکی کردووە؛ و بەکارهێنانی وشەی (کوفر) لێرەدا بۆ جەختکردنەوەیە لەسەر حەرامبوونی ئەو کارە وناشیرین کردنی. *(نکۆڵی مەکەن: مەبەست ئەوە نکۆڵی مەکەن لەوەی ئێوە وناوتان بدرێنە پاڵ ناوی باوک و باوباپیرانی ڕاستەقینەتان)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6377